# چەند ووشەیەك , بۆ كۆمۆنیستەكانی ناو كوردستان پۆست

## مـــامە خولـــــــە

وەك (هینەكان) دێنە بەرچاوم . تەنها لەبەر دەرگای ماڵەكانتان ئازان . تا لەكوردستان بوون كارو پیشەتان نوسین بوو لەسەر (چینی پرۆلیتاریاو ئومەمی یەت و ووتەكانی لینین). ئەمەبێ ئەوەی كە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەقەدەر نوكە دەزی یەك لاتان لە مەسەلەی میللەتەكەتان كردبێتەوە . ئەوەی كە لای ئێوەی ( كـــــورك ) لەسەر ئومەمیەت, شورەیی و نەنگ بوبێت , تەنها باسكردنی كوردو مەسەلە ڕەواكەی بووە . ئەی ئێستاكە پێمان نالێن چ قودرەتێكی غەیبی وای كردووە كـــە با بدەنەوە ؟؟ .

ئەوەی كە بەپیری دەیكەن , باشتر وابوو كە بە كچێتی بتان كردبایە . تازە دەستتان لەژێـــــــر هەممانەكە هاتۆتەدەر. ئاخر ئێوە هی ئەوەنین كە بتوانن ڕوداوێك دروست بكەن , یان گۆڕان كاری یەكتان لە ژیانی سیاسی و كۆمەلایەتی كورد پێبكرێت . ئێوەمانان ئەگەر جارێكی تریش لەدایك ببنەوە , هەمان غەڵەتی دوێنێ و ئەمڕۆتان دەكەنەوە, بـــەلاَم ســـە ریعـــتـــــر ! ! ! . (1) موشكیلەی ئێوە لەوەدایە كە , لەپێناو باوەڕە نەزۆك و هەڵەكانتاندا, دەتانەوێ خۆتان بدەن بـــە كوشت . ئەمەیە لۆژیكی ئێوە .

ئێوە كە خۆتان بە ڕۆشنبیرو نوسەر دەزانن , ئێوە كە خۆتان بە جان سۆزی ئەو گەلە داماوە دەزانن لەسەر كەركوك بنوسن , پێشنیاری سەردەمیانە بكەن , ڕێگا و چارەسەر بۆ گیروگرفتەكانی ناوخۆی وولاَت بدۆزنەوە .

وا بۆهەشت ساڵ دەچێت كە لەسەر 31 ی ئاب دەنوسن . چیتان پێكرا؟ ئەنجامی ئەوهەموو زۆرگوتن و نوسنەتان چی لێ شین بۆتەوە ؟ یان ئەوەتا كورد گوتەنی ,لەلاباتان دۆڕاندووەو دەتانەوێ لەلاسور تێ ی هەڵبێننەوە ؟؟ . دڵنیابن , چەندتان وەلاَم لە ( باسەرە ) وە پێ گەیشتۆتەوە , هەرئەوەندەش لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە وەلاَم دەدرێنەوە .

چەندین وێنەی تری دەستكرد بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و, نوسینی تر , لەسەر پارتی دیموكراتـــی كوردوستان و سەركردایەتی یە پیرۆزو زیرەكەكەی بلاَو بكەنەوە , هێشتا كورد مێشێكی میوان نی یە . ئێوە چارەی سایتی ( كوردستان پۆست ) یشتان بەخۆتانەوە ڕەش كردووە . ئەو كردەوانەتان كارێكی كردووە كە , هەزارەها كورد لەو سایتە بتەكێتەوە و تەنانەت نەیانەوێ سەیریشی بكەن و لە بەشـــــــی

favorit دا ڕەشی بكەنەوە . چونكە ئێوەئەم سایتەتان كردە سایتی ڕق و كینەو دوژمنایەتی نێوان نوسەران و ڕۆشنبیران و خەڵكی تر .

ئێوە بێ مێژوون . ئەگەر مێژوویەكیشتان هەبێت ئەوا تایبەتە بە كۆمەڵێك درۆی ئیتیفاق لەسەركراو (2 ) .

ئەگەر دەتانەوێ زیاتر شەرمەندەو زەلیل نەبن , ئەگەر دەتانەوێ لەوەندەش نەبن , ئەگەر دەتانەوێ كورد اسڕاحەت بكات , ئەوا دابنیشن بەدەردی خۆتانەوەو چیتر مەبنە هۆی دوبەرەكی نێوان خەڵكی كورد و كاتی خۆشتان بەهەندێ بابەتی (قێزەوون و منالّ بازاڕی) بەسەر مەبەن . چونكە زۆردەمێكە ئێوە وەك گاجوتەكە بەشاخ گـــــــــیراون .

(1) ( 2 ) دوپەندن , خاوەنەكانیان نەناسراون .